www.kurdistannet.org
10-2-2006 12:05 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# کەس مافی نیە ئازادی بیروڕادەربڕین پێشێل بکات ... کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی بیروڕادەربڕین لە نەرویج

نووسینی کتێبی (سێکس، شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) لە لایەن مەریوان هەڵەبجەییەوە بەشێکە لەکۆلینەوەی ئەنترۆپۆلۆگی و ڕاڤەکردنی تێکستە حەرامکراوەکان و هەولێکی جدییە بۆ دەرباز بون لەو سانسۆرە اخلاقیەی کە بە درێژایی چەند سەدەیە بە سەر کلتوری کۆمەڵگاکانی ئێمەدا سەپاوە. هەر بۆیە بۆتە مایەی دەم کردنەوەی ئیسلامیەکان و لە لایەک کەوتوونەتە فتوا دان و هاندانی خەڵک لە دژی ئەو نووسەرە ئازادیخوازە و لە لایەکیش گوایە "دادگا" یان لێ گرتووە و ئەیانەوێت سزا بدرێت!

جاڕدان بۆ کووشتنی خەڵک لەسەر بیروڕا، کردەوەیەکی بەرچاوی ئیسلامیەکانە و بانگەشەیەکە بۆ تیرۆری ئازادیخوازان. ڕادیۆی یەکگرتووش کە ئەو جاڕدانە و ئەو هاندانە بڵاو ئەکاتەوە، بەشێکی بەرچاوی ئەو کردەوەیەیە.

ئێمە لە دژی ڕاگەیاندنی یەکێتی زانایانی ئیسلامی و هەوڵدان بۆ دادگایی کردنی مەریوان هەڵەبجەیی و فەتوای مەلای مزگەوتەکان ڕائەوەستینەوە. هەروەها ڕایئەگەیەنین کە دەسەڵاتی یەکێتی بەرپرسە لەو پەخشکردنەوەی فەتوایانە و سەلامەتی گیانی مەریوان مەسئولیەتی ئەوانە، نەک چوونە پاڵ کۆنەپەرستی و تیرۆریزمی ئیسلامیەکان. دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی مەریوان لەلایەن دەسەڵاتی یەکێتیەوە، کۆمەکێکی بەرچاوە بە تیرۆریزی ئیسلامی و هەر بەو پێیەش هێندەی فەتواکان مایەی شەرمەزارکردن و مەحکوم کردنە. ئەوە مەریوان هەڵەبجەیی نیە کە ئەبێ لەبەردەم دادگادا ڕابوەستێ، بگرە فەتوادەرانن.

گیانی مەریوان ئەبێ بپارێزرێ، بڕیاری دەستگیرکردنیشی دەستبەجێ هەڵبوەشێتەوە و هەرچی ڕادیۆ و دەزگا و مەلا و مزگەوتێکیش فەتوایان لە دژی داوە، لێیان بپرسرێتەوە و سزا بدرێن.

مەریوان هەڵەبجەیی و هەرکەسێکی تر ئازادن هەر ڕەخنەیەک لە ئیسلام بگرن. کەس مافی سەندنەوەی ئازادی بیروڕادەربڕینی نیە و ئەبێ ئەمەش ببێت بە یاسا، نەک یاسای کۆنەپەرستانەی سەردەمی بەعس و دەستووری ئیسلامی کاری پێ بکرێت.

ئازادی و سەربەرزی بۆ مەریوان هەڵەبجەیی!

کۆمیتەی داکۆکی لە ئازادی بیروڕادەربڕین لە نەرویج
٢٠٠٦ .٠٢ .٠٩

freedomcommittee@yahoo. no